# بارانی ڕەحمەت

جەلال بەرزنجی

سێبە ر نەبوو,
لە شی خەون لەوەڕگەی خاك
خاكیش,
پیاڵەیەك ئاوی گوشراوی گیای هاوین
(كە لو ) لە بیران , بەختی دەرژاند
تۆوە تێكئالأوەكان
نەمانی گرفتان بوون
تەنێكی نارحەت بوو تاجی
بروسكە روندیە گردی بلوران
هەور لە چۆلیان لە بار چوو
نهێنی غار غارێنی ئە سپەكانی قۆنگرە
چوونەوە چەكمەجەی چیا
هێلكەكان خاكیان شاش بوو
نەتروكان
ئەوەی لا سایی هەڵۆی دەكردەوە
ترۆپك بردی
خشپەی جوانی ,
لە ناو كراسی ئاو دامانی
گیایی دەهات
دەربەند تێك چوو
دەریاش گۆزەی پڕ نەدەكرد
لە هەڵبزركانی بارانێكا
چەماینەوە شوێن پەلكە زێرینە
كەسمان وەك تەونی جاڵجاڵۆكەمان پێ نەكرا

خاكمان بەر دا
شیر گومر ا
بۆگەنی لە ئاوان دەر نەكرا
بۆگەن بوو ناو گیا
بۆگەن بوو ژووری خەوتن
زەمین گێژ تر بوو لە سەری من
قالۆچە لولیان دا
خەون پەرتەوازەبوو
چاو پیرۆزە یێ نەهات ,
هەوەسێكی نامۆ بیبات
بیكات بە یاری زانێكی تیپی بروسك
دەبیگێرەوە ئەی كات
بە سەر هاتی ئاینده
دوا گالیسكە داهێنەرەكانی بردەوە
تۆزی هەڵالانیش ئامادە نەبوو,
لەجۆزەردان شتێك چاك كات
تەون
و
تەم
و
دارگوێزەكان
ئالۆزكانە یەكتری
سمۆرە بێ مەنوا مایەوە ,
رووناكی كوورت بوو
نەدەگەیشتە بەر پێییان
سروشت لە با ئاوس بوو
سروشت نەزۆك بوو یان (با)

## لیتاوێکی کاڵ ,

رژایە سەر سێوە کۆنەکان
بۆنیان گران بوو
سەرەتای هاوین بوو
دەرگای ماڵەکان کرابوونەوە
مەمك رژان
هزر رژان
بازوو رژان
دەی خەیاڵت کۆکەرەوە
هێشووی باران بڕەکان
لە سەرحەیران و هەورەکان نیشتنەوە
تەمەنیان بردەوە کودیلان
جوامێر لە گەڵ خاك جووت بوو
فڕندە بگوازنەو کوێ
باران بڕە ,
باڵندەی تەتەر لای (وان) نە گەڕایەوە
تا لە سەر سەبەتە ییێکی پڕاو پڕ لە کلاو رۆژنە هەڵنیشێ
تا ئە مجارەش ,
ژنان لە بەر بارانی رەحمەت کچێنیان بگەڕێتەوە
دارکەر
و
بازرگان
و
ماسیگرەکان
بەرهەمەکانیان بردەوە تونێڵ
تۆیش زیندووی روحت بردەوە پەرستگا

ئێ ....هوا کۆك

یەکەم رۆژ,

یاریە غەمبارەکانت دۆراند

خۆشهاتنت لە کەس پێ نەکرا

ماڵ ئاوایش هەر وا

نامەکەی شەمێ کردوو دایە دەم ئاو

چاوەڕوان بوو چاو پیرۆزەییێك بیگێڕتەوە

دەبیگێڕە وە

ئە* پیری خاك

بە سەر هاتی ئاییندە

ئارەزوو , رژایە سەر مافووری کەرە

(با) دەربەندی چۆڵ کردوو هێندەی جرحانی لە گەڵ خاك پێ نەکرا

مرۆڤیش جووتی بەر دا

هێزە پەرت بووەکەشی گرفت بوو

رەها بوو

لەساتێکدا دەمامکی فڕێ دا

ئێوارەی ناوەوە

و

ئێوارەی دەرەوەی

بە سەر یەکتریدا روخان

تۆزییان نیشتەوە سەر خەیاڵ

تازە هیچییان ناچنەوە ناو چوار چیوەی شاخ

خانمی کفن درووش کفنەکەی لە زەمەنی هەستدا لێ ون بوو

لەم دیوو ئاسۆش ,

دوا مالئاوی کەری داهێنەرێك بوو

حە وت ساڵی تریش بخەوە ,

کۆترەکان دێنەوە دەراو ئاوەکان

دەستت لێکدە ,
خەونەکەت دێتە دی
و
نە پیر دە بیت
نە لەگەڵ خاکدا رەنگین
خانمی کفن  دروو
جوانی  پشت  نەکرد
بە شیکردنەوەی  مەتەڵانەی,
ئێوارەیەك,
لەجیاتی  گوڵە  حاجیلەی  بانان  نەڕوا
تا لە زەماوەندی  خرۆشانەوەی  زەمین  بانگی  بکەم
ئەوکات ,
تووکت سپیاتی بەر دەدات
ئاگری ژێر لێفەت شادی نارحەتی  تێکەڵ دەکات
دەبیگێڕەوە ئە پیری رە ند
بە سە ر هاتی  ئایندە
شمشێری  هزر,
پەرتەوازەی  بێ  هودەیی  بوو
منیش  لا  قێکم.  .گێچاوی  رۆژئاوا
ئەوی ترم شمشاڵی رۆژ هەڵات
لە رێگە گەڵ گوڵییەکاندا
دەرژێنەوە ناو خۆیان
شێرەکە رژا
قمقمۆك رشانەوە ناوی
جوانی  تاراگان لا سار بوون
سێوەکان  ,
لە پە نجە لەرزۆکەکان گیر نابن

بای دا ئاوس ,
له تۆزی هه‌ڵاڵا ن دا بردنی
فڕنده بگوازنه‌وه ...کویٚ "
خه نجه‌ر خویێن ڕشایه‌وه
هیٚلکاری خاك سه‌ره‌تا وانه‌بوو
شه‌ڕ و شه‌ڕ
گۆی زه‌وی گیٚژتره له سه‌ری من
به خیٚربیێته‌وه ,
ئه‌ویش قامکه گیای به باخه‌ڵی ده‌رهیٚناو
به‌راوردی پایرییه غه‌مباره‌کانی کرد
له که‌ڵیا چاکه‌و خرا په‌کانی ناخ
چاڵاکیان وه‌ستاند

شه‌ڕه شه‌ڕ
شه‌ڕیٚکی خۆ تڕیێن
( ئه‌وه‌ی تا ئیٚستا ماڵی نه‌بیٚت تازه ماڵی پیٚ دا نانریٚت )
برام مرۆڤ
دووریان نیم
سیٚبه‌ر نه بووم
وام ده‌گووت
له سیٚبه‌ران جه‌سته‌م رزی
چاوم کویٚر بوو
بۆ ئاوی ناگیٚڕمه‌وه
روحی جاویدی ,
په‌ڕه‌مووچه‌ی سه‌ر گۆڕانه
حه وته‌مین ساڵ
دیٚمه‌وه هه‌مان ده‌راو

سۆزو شتی تر

هێزوو شتی تر

کلیلیان لە نەست نەدۆزیەوە

پالەوانی هەورا زان بوو

قاڵنچە ئەویشیان لول دا

سەری زەوی گێژترە لە سەری من

ئێوارەکانی ئەم دیو,

لە ڕێگا ئاسۆییەکانەوە

چونەوە ناو چوا چیوەی شاخ

لیتاو هات

لیتاو

لیتاو

من

و

باڵندەکان

بگوازینەوە کوێ؟

ساتەکانی نووسین و

چیتر....نا

1993

کوردسنان/ هەولێر